# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان




## راپۆرتێک لەبارەی

# باجی خانوبەرە لە گەرمیان

# بەشی یەکەم: ناساندنی پرۆسەی باجی خانوبەرە و باجی خانوبەرەی گەرمیان

## ١. باج چیە؟

باج بریتیە لەسەپێنراوێکی نەختینەیی بەسەر داهاتی هاوڵاتیان لە خانوبەرە و شوێنکار و کارگە و زەوی و کاڵا و شمەکەکاندا، چونکە سەرچاوەی سەرەکی پارەدارکردنی دەوڵەتە، باج بەشێکی سەرەکیە لەداهاتی گشتی.

دو جۆر باجمان هەیە: باجی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ. باجی راستەوخۆ: بریتیە لەو باجەی ئەخرێتە سەرداهاتی تاک و حکومەت راستەوخۆ بەشێک لەو داهاتە ئەبات، ئەمەش بە کۆمەڵێک رێنمای جیاوازەوە، یەکێک لەو رێنماییانە خەمڵاندنی ئەو ئەو شوێنانەیە کە دەیدان بە کرێ ئەمە جگە لەوەی هەر زەویەک تاپۆی هەبێت ساڵانە باجی لێوەردەگیرێت.

## ٢. جۆرەکانی باجی خانوبەرە

٢ جۆر باجمان هەیە: باجی موڵکایەتی و باجی زەوییوزار.

باجی موڵکایەتی بریتیە: لەو داهاتەی کە هاوڵاتیان موڵکەکانی وەک یەکەی نیشتەجێبون و دوکان و کۆگا کە دەدرێن بە کرێ، ساڵانە بڕێک پارە لە بەرامبەردا دەدەن بە حکومەت ئەمەش بە یاسا رێکخراوە، بە جۆرێک بەپێی یاسای ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٢ی هەمواری کوردستان لە ٪٩ی کۆی داهاتی کرێی ساڵێکی ئەو موڵکەی کە دەدرێت بە کرێ بۆ حکومەت دەبێت.

هاوکات باجی زەوییوزارە، ئەو باجەیە کۆی خەمڵاندنی ئەو زەوییە کە بۆی دەکرێت لە ٪٢ی باجی بۆ حکومەت دەبێت ئەگەر تاپۆش بێت، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە ٢٦ی ساڵی ١٩٦٢ی هەمواری کورستان وەردەگیرێت.

ئەمەش لە کاتێکدایە حکومەت ٥ ساڵ جارێک بە لیژنەی تایبەت سەرژمێری دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت رێژەی ئەو موڵک و زەویانە چەندە و چۆنە.

لەگەڵ ئەوەشدا خەمڵاندنەکان بەپێی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٨ ئەنجام دەدرێت، بەهەمان شێوە ئەو موڵکانەی کە دەدرێت بە کرێ بەپێی یاسای ژمارە ٨٧ی ساڵی ١٩٧٩ کە تایبەتە بە بەکرێدانی خانوبەرە کارێلن پێدەکرێت.

## ٣. هەیکەلی بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان

بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان لە کۆمەڵێک هۆبە پێکهاتوە ئەوانیش: (هۆیەی کارگێڕی، هۆبەی ژمێریاری، هۆبەی خانوبەرە، هۆبەی زەوییوزار، هۆبەی خەزنە، هۆبەی کۆمپیوتەر و هۆبەی چاودێر).

هاوکات لە هەیکەلیەدا هەریەکە لە هۆبەی وردبین و هۆبەی یاسا بونی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبونی فەرمانبەرەوە ئەو ٢ هۆبەیە داخراوە لە ئێستادا.

## ٤. قەزای کفری فەرمانگەی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ وەرگرتنی باج

قەزای کفری فەرمانگە تایبەتی بە خۆی هەیە بۆ کردنەوەی باج، ئەو داهاتەشی کە دەچێتەوە ئەو فەرمانگەیە راستەوخۆ دەگەڕێتەوە گەنجینەی گەرمیان، ئەو پەیوەندی کە لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان هەیە تەنها ئەوەیە سەرپەرشتی کارکانیان دەکرێت، ئەگەرنا وەک خۆیان لە روی ئیدارییەوە سەر بە گەنجینەی گەرمیانن، ئەمە بۆ هەر یەکە لە ناحیەی رزگاری و ناحیەی باوەنوریش هەر راستە کە فەرمانگەی تایبەت بەخۆیان هەیە و سەر بە گەنجینەن.

عەدنان قادر عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی خەمڵاندن لە فەرمانگەی دارایی قەزای کفری سەر بە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان، دەڵێت: «ئێمە فەرمانگەین و سەر بە گەنجینەی گەرمیانین، فەرمانگەکەش ٢ لیژنەی هەیە: ئەویش لیژنەی خانوبەرە و لیژنەی بازرگانیە، لە لیژنەی خانوبەرە کۆمەڵێک لیژنەی لێ ئەبێتەوە ئەوانیش: (لیژنەی خەمڵاندن، لیژنەی وردبین، لیژنەی خەمڵاندنی ماڵ و موڵکی دەوڵەت و لیژنەی تایبەت بە کرێچی و خاوەن موڵک)، ئەم لیژنانەش هەر یەکەیان و لە ٣ ئەندام پێکهاتوە».

وتیشی: کاری ئێمە کۆکردنەوەی باج و خەمڵاندنە بۆ ئەو شوێنانەی کە دەدرێن بە کرێ یان چۆڵ دەکرێن یان مۆڵەتی کردنەوە ئەنجام دەدەن، بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان سەرپەرشتی کارەکانمان دەکەن وەک لیژنەکان، ئەگەرنا داهاتمان راستەوخۆ دەچێتەوە گەنجینەی گەرمیان.

باسی لەوەشکرد: قەزای کفری خۆی لە ١١ گەڕەک دەبینێتەوە کە هەر گەڕەکێک نزیکەی ١٠ تۆماری هەیە، کە ئەویش بە تۆماری (١٥) تۆماری دەکەین.

هاوکات، کەنعان جەبار، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان باس لەوە دەکات: بەپێی رێکارەکان گەنجینە هەریەکە لە فەرمانگەمانی دارایی کفری و ناحیەی رزگاری و ناحیەی باوەنور بەشێکن لە ئێمە و یەکەی ژمێریاریان نیە و هەمویان دێنەوە لای ئێمە.

سەبارەت بە ناحیەکانی دیکەش، ئەگەر سەر بە قەزای کەلار بن (جگە لە باوەنور و رزگاری) ئەوا دەگەڕێنەوە سەر بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، ئەگەریش سەر بە قەزای کفری بن دەگەڕێنەوە فەرمانگەی دارایی کفری.

## ٥. بۆچونی هاوڵاتیان لەسەر باجی خانوبەرە

هاوڵاتیـان رەخنە دەگرن لەو بـڕە باجەی کە لێیان وەردەگیرێت، وەک خۆیـان دەڵێـن باج نادەن و رێژەیەک قـەرزران، هەندێکیش بە پێچەوانەوە.
فـەوزی سـلێمان، هاوڵاتی لە قـەزای کەلار دەڵێـت: «خانویەکم هەیـە و داومـە بە کرێ مانگانە بە بڕی ١٥٠هـەزار دینار، بۆ هەر سـاڵێک ١٥٠ هەزار دینـارم لێوەردەگیرێت، کە بۆ ماوەی چەندین سـاڵە باجم نەداوە و لە ئێسـتادا بڕی ٣ ملیۆن و ٢٠ هەزار دینار قەرزارم».
دەشڵێت: ناشتوانم ئەو بڕە پارەیە بدەم بە حکومەت.
بەپێچەوانـەوە، حسـێن فەتاح، هاوڵاتی لـە ناحیەی رزگاری باس لەوە دەکات: «ساڵانە باج بە حکومەت دەدەم و هیچ قەرزار نیم، خانویەکـم هەیـە و داومە بە کرێ لە ناحیەی رزگاری کرێکەشـی خۆی لە ١٨٠ هەزار دینار مانگانە دەبینێتەوە«.
وتیشـی: لە کۆی ١٢ مانگی سـاڵەکە بڕی ١٨٠ هـەزار دینار باج دەدەم کە دەکاتە کرێی مانگێکی.
بەهەمـان شـێوە، فەتاح محەمـەد، هاوڵاتی لە ناحیـەی رزگاری هێمـای بۆئەوەکـرد: «خانویەکم هەیە داومە بە کرێ و تاپۆشـە کە مانگانە بڕی ١٢٥ هەزار دینارە، ساڵانەش باج ئەدەم کە کۆی داهاتی ساڵەکە ١ مانگی دەبات کە بڕی ١٢٥ هەزار دینارە».
وتیشی: هەمو ساڵێک باج ئەدەم و قەرزار نیم.
وەرگرتنـی باج تەنها یەکەی نیشـتەجێبون ناگرێتەوە کە دەدرێت بەکـرێ، بەڵکـو دوکان و کـۆگاش دەگرێتـەوە ئەگەرچی خودی هاوڵاتیان موڵکەکانیان هی خۆیانە.
شـوانە مەحمـود، هاوڵاتی و دوکاندار لە قـەزای کەلار وتی: ئێمە سـێ دوکانمان هەیە لە سـەر پارچە زەویەک دروستمان کردوە و بچوکن، بۆ دوانیان کرێکەی ١٥٠ هەزار دینارە بۆ هەر دانەیەکیان، ئـەوی تریشـیان ٥٠ هـەزار دینارە، کە کۆی گشـتی ئەکاتە ٣٥٠ هەزار دینار.
دەشـڵێت: سـاڵانە رێژەیەک باجمان بۆ دێتەوە و ناشزانم بڕەکەی چەنـدە تەنها ئەوە دەزانم بەپێی وەسـڵێک کە بۆمان هاتوەتەوە بـڕی ١ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینـار قەرزارین، تەنها ئەوەی دەیزان قسەیەک هەیە دەڵێن لە ١٢ مانگ مانگێکی بۆ حکومەتە.
باسـی لەوەشـکرد: بـاج نـادەم، چونکـە رێژەیەکـی موچـەی پاشەکەوتمان لای حکومەتە با بۆمان بگەڕێنێتەوە ئەوکات ئێمەش باج ئەدەین.
«ئـەم دوکانەم موڵکیە و کوڕی خۆمی تیایە کەچی سـاڵانە بڕی ١٨٠ هـەزار دینـار باجم بۆ دێتەوە، کە بۆ ماوەی ١٠ سـاڵە باجم نەداوە کە پێشتر ٥ ساڵ کرێی تێدابوە، لە کاتێکدا چەند جارێک سـەردانی بەڕێوبەرایەتـی باجـی خانوبـەرەم کردوە بـۆ ئەوەی داشـکاندنم بۆ بکرێت بەپێی یاسـای عێراقی بەوشـێوەیە، لەبەر ئەوەی کوڕی خۆمی تیایە». ئەحمەد سلێمان، هاوڵاتی و دوکاندار لە قەزای کەلار وتی.
دەشڵێت: لە ئێستادا ٣ ملیۆن و ٣٤٠ هەزار دینار قەرززارم.

## ٦. ئەو هاوڵاتیەی باج نەدات سزا دەدرێت

هاوڵاتیـان جەخت لەوەدەکەنـەوە لەبەرامبەر نەدانـی باجی هەر موڵکێکیـان کە داویانە بە کرێ ئەوە سـزادەدرێن بەپێی یاسـای باجـی خانوبـەرە، بە جۆرێـک رێژەیەک پارە دەچێتە سـەر ئەو پارەیـەی کە قەرزران، بەڕێوبەری باجـی خانوبەرەی گەرمیانیش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە.
ئەحمەد سلێمان، هاوڵاتی و دوکاندار لە قەزای کەلار وتیشی: ئەو بڕە باجەی کە لەسـەرمە و نەمداوە سـاڵانە سـوی دەچێتەسەر، بەجۆرێک بۆ هەر ساڵێک بڕی ١٠٠ هەزار دینارە.
بەهەمان شـێوە، حسێن فەتـاح، هاوڵاتی لە ناحیەی رزگاری باس لـەوە دەکات: ئەگـەر ئەو بڕە پارەیەی بـۆت دیاریکراوە لە کاتی خـۆی نـەدەی کە چوە سـاڵی دواتر ئەوە سـوی ئەچێتە سـەرو بـڕی پارەکە زیاتر ئەبێت، بۆیە من هەمو سـاڵێک لە کاتی خۆی رادەستی دەکەم.
لـە بەرامبـەردا، ئـارام عـادل قـادر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی باجـی خانوبـەرەی گەرمیـان دەڵێت: ئـەو هاوڵاتیانـەی کە باج نادەن سـاڵانە (تەبلیغ) ئاگاداریانە ئەکەینەوە کە باجی لەسـەرە و پێویسـتە بیـدات، ئەگەر نەهات بەسـەر داواکارییەکەمان دواتر (انـزار)ی ئەکەین و دەسـت ئەکەین بە ئیجرائاتـەکان لە رێگەی بەڕێوبەرایەتی گشـتی باجەکانەوە ئەمەش بە وەسـڵی تایبەت بە خۆمـان دەکرێت، بەجۆرێک بەپێی یاسـا و رێنماییەکان موڵکمان هەیە (حجز) دەستی بەسەردا گیراوە.
جەختی لەوەشکردەوە: هەر هاوڵاتیەک کە باج نەدات سزا دەدرێت، بۆنمونە لە (٢٠٢٣/١/١) تاوەکو (٢٠٢٣/١٢/٣١) هیچ بڕە سزایەک ناچێتە سەر ئەو باجەی کە لایەتی، بەڵام لە دوای ئەو رێکەوتەوە بە رێژەی لە ١٠٪ سو ئەچێتە سەر ئەو بڕە پارەیەی کە قەرزارە، ئەمەش ساڵانەیە بۆ هەر ساڵێک ئەو رێژەیەی دەچێتە سەر، ئەمە بۆ موڵکی نیشتەجێبون و زەویوزاریش هەر هەمان شتە.
هێمای بۆئەوەشـکرد: هاوڵاتیان باج بـە حکومەت نادەن ئەمەش گرفتە و زۆرجار رەخنەی ئەوەشمان لێئەگیرێت لەلایەن بەڕێوبەری گشتی باجەکان لە هەولێر، کە پێمان رائەگەیەنرێت زەوی و خانو لێرە زۆر گرانە و داهاتی بەڕێوبەرایەتیمان کەمە، هۆکاری ئەمەش ئەبەستینەوە بە دۆخی دارایی و سیاسی کە کاریگەری هەیە.

## ٧. هاوڵاتیان نازانن بۆچی باجیان لێوەردەگیرێت

هاوڵاتیـان باس لەوە دەکەن ئەو بـڕە باجەی کە حکومەت لێیان وەری دەگرێـت لەبەرامبـەر هـەر موڵکێـک کە دەیـدەن بە کرێ نازانـن بۆچی لێیـان وەردەگیرێت، بەڕێوبـەری باجی خانوبەرەی گەرمیانیش دەڵێت: ئەو باجەی وەردەگیرێت بە پێی یاسایە و بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بە هاوڵاتیان.

فەوزی سـلێمان، هاوڵاتی لە قەزای کەلار دەڵێت: ئەو بڕە پارەیە نازانم لە بەرامبەر چی وەردەگیرێت هەر ئەوەنە ئەزانم ئەو کەسەی بە کرێ لە خانوەکەمە وەسڵێکم بۆ دەهێنێت و ئاگادارکردنەوەیە، بڕێکی زۆر پارەی لەسەرە.

هـاوکات، حسـین فەتاح، هاوڵاتی لە ناحیـەی رزگاری باس لەوە دەکات: مـن نـازام بۆچـی ئـەو باجـەم لێوەردەگیرێـت و هیـچ زانیاریـم نیە لەسـەری، بەرپرسـانی باجی خانوبـەرەش ئەوەیان رون نەکردوەتـەوە بـۆ خەڵـک کە ئەو بڕە باجـە لەبەرامبەر چی وەردەگیرێت.

«من نازانم ئەو بڕە باجە لەبەرامبەر چی وەرئەگیرێت، سـەرباری ئـەوەش پێمان نەوتـراوە و ئاگادار نەکراوینەتـەوە کە چی تیایە کرێکەی چەندە بەپێی ئەوە حساباتی بۆ بکرێت، کەچی وەسڵێک دیتـەوە و بڕێک پارەی لەسـەرە«. شـوانە مەحمـود، هاوڵاتی و دوکاندار لە قەزای کەلار وای وت.

ئەحمەد سـلێمان، هاوڵاتـی و دوکاندار لە قەزای کەلار وتیشـی: مـن نازانم ئـەم بڕە باجە بۆچی لێم وەردەگیرێـت لە کاتێکدا من ٥ دەفتـەر دۆلارم داوە بـەم دوکانـە و موڵکیە، ئەوەشـیان رون نەکردوەتەوە بۆ خەڵک.

جەختـی لەوەشـکردەوە: لـە وڵاتـان هاوڵاتیـان کە بـاج دەدەن حکومـەت وەک بیمەیەک لە بونی هەر حاڵەتێک پێان ئەداتەوە، من ئەگەر ئێستا ئەم دوکانەم ئاگر بگرێت حکومەت چیم پێئەدات، بێگومان هیچ، بۆیە پێم داخە ئەو بڕە پارەیە بدەم بە حکومەت.

لـە بەرامبـەردا، ئـارام عـادل قـادر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی باجـی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: ئـەو باجەی کە لە هاوڵاتیان وەردەگیرێـت لەبەرامبەر ئەو موڵکەی کە هەیەتی یان داویەتی بە کرێ بە یاسـای عێراقی رێکخراوە و هەمواری کوردسـتانی هەیە، هاوکات بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە لە کۆی سێکتەرکان کە حکومەت ئەنجامی دەدات.




## ٨. وەرگرتنی باج بە قیست

بەپێی یاسا هاوڵاتیان دەتوانن بە قیست باجەکانیان بدەن، جیاواز لە باجی دەرامەت هیچ سـویەکی ناچێتە سـەر، بەڕێوبەری باجی خانوبەرەی گەرمیانیش دەڵێت: جگە لەو سزایەی لەسەریارنە هیچ سویەکی ناچێتە سەر.

ئارام عـادل قادر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی باجـی خانوبەرەی گەرمیـان باس لەوە دەکات: «هاوڵاتیـان دەتوانن باجەکانیان بە قیسـت بدەنەوە بە حکومەت بەبێت ئەوەی هیچ سـویەکی بچێتە سەر، بۆ نمونە هاوڵاتیەک ٢ ملیۆن دینار قەرزارە و تەنها دەتوانێت ١ ملیۆن دینار بداتەوە، ئەو ملیۆنەکەی دیکەی کە دەمێنێتەوە لە بەرامبەر ئەوەی بە قیسـت دەیداتەوە هیچ سویەکی ناچێتە سەر، بەڵکو تەنها ئەو سزایەی کە بەپێی یاسا دیاریکراوە و لە ٪١٠ـــە بۆ هەر ساڵێکی دواکەوتن تەنها ئەوەی دەچێتە سەر».

جەختی لەوەشکردەوە: لەوبارەیەوە زۆر هاوکاری هاوڵاتیان بوین.

# ٩. کارەکانی بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرە بە لیژنە دەکرێت

بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان کارەکانی بە لیژنە ئەنجام دەدات بە جۆرێک بە کۆی گشتی ٥ لیژنەی هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان.
مەریوان ئەحمەد، کارمەند لە هۆبەی خانوبەرە لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، دەڵێت: بەڕێوبەرایەتیمان بۆ هەر کارێک بە لیژنە کارەکان ئەنجام دەدەن، بە جۆرێک هەر لیژنەیەک و لە ٣ ئەندام و ٤ ئەندم پێکهاتوە.
وتیشی: لیژنەکان بەمشێوەیەن:

**١. لیژنەی خەمڵاندن**
لیژنەی خەمڵاندن لە ٣ لیژنە پێکهاتوە و هەر لیژنەیەک و لە ٣ ئەندام پێکهاتوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم لیژنانە ٣ مانگ جارێک ئەندامەکانی گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کاری ئەم لیژنەیە ئەوەیە بۆ نمونە خاوەن موڵکێک دێت و کە خانویەکی هەیە و داواکاری ئەکات کە چۆڵ بوە و پێشتر بە کرێی داوە، ئەم لیژنانە سەردان دەکەن و پشکنین دەکەن داخوا ئەو خانوە کەسی تێدایە یان هەر کرێیە؟
یەکێکی دیکە لە کارەکانی کەسێک خانویەک ئەکرێت و ئەیەوێ تۆماری بکات بەناوی خۆیەوە، هەم دیسان ئەم لیژنەیە دەچێت و پشکنین دەکات داخۆ ئەو خانوەیە کە هاوڵاتییەکە ئەیەوێ تۆماری بکات؟
لەگەڵ ئەوەش یەکێکی دیکە لە کارەکانی ئەم لیژنەیە کەسێک دێت و داواکاری ئەکات خانویەکی دروست کردوە لە گەڕەکە زیادەڕەوەکان ئەم لیژنەیە دەچێت پشکنینی بۆ ئەکات داخوا ڕێگەپێدانی شارەوانی هەیە یاخود نا؟ ئەگەر نەیبێت ئەوە تۆماری ناکات، هاوکات ئەم لیژنانە لە هەر دەرچونێک و بە زنجیرە بڕی ٨ هەزار دیناریان بۆ حساب کراوە وەک پاداشت.

**٢. لیژنەی وردبینی**
لیژنەی وردبینی لە ٤ ئەندام پێکهاتوە، سەرۆکی لیژنەکەش نوێنەری قایمقامیەتی کەلارە لەگەڵ بەڕێوبەری باجی خانوبەرە و فەرمانبەران کە ئەندامن تێیدا، ئەم لیژنەیە ساڵانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کاری ئەم لیژنەیەیش بۆنمونە هاوڵاتیەک تاپۆی خانویەکی هەیە و ئەیەوێ تۆماری بکات بەناوی کەسێکی دیکەوەیە و هەڵەیە، ئەم لیژنەیە سەردانی موڵکەکە دەکات و کەشفی بۆدەکات و بۆی ڕاست دەکاتەوە و تۆمار دەکرێت بە ناویەوە، ئەم لیژنەیە لە بەرامبەر هەر کەشفێک بە زنجیرە بڕی ١٠ هەزار دینار بۆ ئەندامانی وەک پاداشت دانراوە.

**٣. لیژنەی خەمڵاندنی موڵکی دەوڵەت**
ئەم لیژنەیە تایبەتە بە خەمڵاندنی ئەو موڵکانەی کە هی دەوڵەتن، بۆنمونە هاوڵاتیەک موڵکێک ئەگرێت بەکرێ داواکارییەک پێشکەش ئەکات خاوەن موڵکەکە تاپۆکەی ئەهێنێت، ئەگەر زەوی بێت کاری بۆ ناکرێت هەتاوەکو موڵکەکە تۆمارەکەی نەبێت بە تۆماری بینا، ئەوکات خەمڵاندنی بۆ دەکرێت و چ بۆ زەویەکەی لە روی نرخەوە چ بۆ مەتری زەویەکە، ئەم لیژنەیەش لە ٣ ئەندامی هەیە و لە نوێنەری بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان سەرۆکی لیژنەکەیە لەگەڵ جێگری بەڕێوبەر و کارمەندی بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرە کە ئەندامن تێیدا پێکهاتوە، ئەم لیژنەیەش ساڵانە گۆرانکاری تێدا دەکرێت، لە بونی هەر دەرچونێکیش بڕی ٨ هەزار دینار وەک پاداشت بۆیان حساب کراوە.

**٤. لیژنەی تایبەت بە کرێچی و خاوەن موڵک**
ئەم لیژنەیە تایبەتە بە کارەکانی نێوان کرێچی و خاوەن موڵک، بۆ نمونە هاوڵاتیەک دێت و داواکاری پێشکەش ئەکات کەسێک بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر کرێچییەتی و ئەیەوێ کرێکەی بۆ زیاتر بکات، دێت و داواکارییەک پێشکەش ئەکات و ئەم لیژنەیە سەردان دەکات و کەشف بۆ موڵکەکە دەکات هاوکات خەمڵاندنیشی بۆ دەکرێت کە کرێکەی لێکدانی دوانزە مانگ دەکەن و دواتر دابەشی لە ٪٩ دەکرێت ئەو کات نرخێک دەردەچێت و یەکلای ئەکاتەوە.
ئەمە بەپێچەوانەوەشەوە ئەگەر کرێچیەک خاوەن موڵکەکە داوای لە ٪٢٠ی زیاتری کرد بۆ زیاتر کردنی کرێکەی ئەوە دەتوانێت داواکارییەک پێشکەش بکات هەمان لیژنە سەردان دەکات کە بەپێی یاسای ژمارە ١١ی ساڵی ٢٠١٨ ناتوانێت داوای ئەو نرخە بکات بۆ کرێکەی. ئەم لیژنەیەش لە ٣ ئەندم پێکهاتوە لە فەرمانبەرانی باجی خانوبەرەی گەرمیان پێکهاتوە، ١ ساڵ جارێک گۆرانکارییان بەسەردا دێت، بەهەمان شێوەی لیژنەکانی دیکە لە هەر دەرچونێک بڕی ٨ هەزار دینار وەک پاداشت حساب کراوە بۆیان.

**٥. لیژنەی سەرژمێری گشتی**
ئەم لیژنەیە ٥ ساڵ جارێک پێک ئەهێنرێت لەسەر ئاستی کوردستان وەزارەتی دارایی خۆی بڕیار دەدات کە لیژنەکان چۆن پێکبهێنرێت، ئەم لیژنەیە لە چەند لیژنەیەک پێکدێن و کاریان سەرژمێری کردنی ئەو مۆڵکانەیە کە دراون بە کرێ یان چۆڵ کراون یان چەند زەوی بونی هەیە، هاوکات هەر پاداشتەکەشیان بەپێی ساڵ وەزارەتی دارایی خۆی دیاری ئەکات.

## ١٠. له نێو لیژنەکانی باجی خانوبەره نوێنەری دەزگاکانی دیکه بونی هەیه

پشتیوان کەریم عەلی، نوێنەری قایمقامی کەلار و سەرۆکی لیژنەی وردبینی لـە بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبـەرەی گەرمیان، دەڵێت: قایمقام وەک سـەرۆکی یەکەی ئیداری ناوچەکە سـەرۆکی لیژنەی وردبینیـە له نێـو بەڕێوبەرایەتیەکانی تایبەت بـە باج نەک تەنها لێره، بەڵکو له کۆی بەڕێوبەرایەتیەکان سەرۆکی لیژنەکان ئێمەین. وتیشی: کاری ئێمه وردبینی کردنی خانویەکە بۆ نمونە دەفرۆشرێت و هاوڵاتیەک بیەوێت تاپۆی بکات و هەڵەیەک هەبێت ئێمه سەردان دەکەیـن و وردبینـی تێدا ئەکەین یـان خانویەک دەدرێت بە کرێ بەهەمان شێوه.

هـاوکات، کەنعان جەبـار، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتـی گەنجینەی گەرمیـان کە هـاوکات ئەندامی لیژنەی بەکرێدانـی موڵک و ماڵی دەوڵەتـە له بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، باس لەوە دەکات: بەپێـی یاسـای فرۆشـتن و بـە کرێدانی مـاڵ و موڵکی دەوڵـەت ئەبێت لیژنەی خەملاندن و لیژنەی فرۆشـتن ئەندامێکی وەزارەتـی دارایی تیا بێت ئێمەش وەک نوێنەری ئەوان له لیژنەی لیژنەی خەملاندنی موڵکی دەوڵەتین.

هێمای بۆئەوەشـکرد: بەردەوام لەگەڵ لیژنەکەدا دەرچونمان هەیه کـە کاری ئێمه زیاتـر خەملاندنی ئەو زەویانەیه کە دەفرۆشـرێن یاخود دەدرێن بە کرێ، بەپێی ڕوپێوی زەویەکه نرخی دادەنرێت، کە زیاتر کاره ژمێرییەکەی دێتەوه لای ئێمه.

## ١١. ڕێژەی وەرگرتنی باجی موڵک و زەویوزار

بەپێـی یاسـا و ڕێنماییـەکان باجی یەکەی نیشـتەجێبون و هەر موڵکێـک کـە دەدرێت بە کرێ له ٪٩ــی کۆی کرێی سـاڵانەکەی وەردەگیرێت، کە ئەمە بۆ زەویوزاری جیاوازە کە له ٪٢ــی کۆی خەملاندنی زەویەکە وەردەگیرێت.

ئارام عـادل قادر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی باجـی خانوبەرەی گەرمیـان، دەڵێـت: دو جـۆر باج هەیـە، باجی خانوبـەرە و ئەو موڵکانـەی کـە دەدرێن بـە کرێ، لەگـەڵ زەویوزار کـە ئەمەش باجـی لەسـەرە، بۆ باجـی خانوبەرە و دوکان و کـۆگا و یەکەی نیشتەجێبون کە دەدرێت بە کرێ، ساڵانە له ٪٩ی کۆی ساڵەکە باجـی لێوەردەگیرێـت، بـۆ نمونە ئەگەر دوکانێک بـە ١٥٠ هەزار دینار درابێت بە کرێ ئەوە له کۆی ساڵەکە بۆنمونە ١٦٠ هەزاری لێ وەرئەگیرێت کە ئەکاتە ٪٩، کە ئەمەش بەپێی یاسـای ژمارە ١٦٢ــی ساڵی ١٩٥٢ــی عێراقی هەموارکراوی کوردستان دەبێت، کە بە پسولەی (٣٧ ا) ئەو داهاتە کۆدەکرێتەوە.

جەختی لەوەشـکردەوە: هەر هاوڵاتیەک ئەگـەر چەند خانویەکی هەبێـت خـۆی و کورەکەی و کچەکـەی و دایک و باوکی تێدا بێت ئـەوە باجـی لێوەرناگیرێت، بۆ نمونە: تاوەکـو دوەم خانو، بەڵام بو بە سـێیەم و درا بە کرێ، لە دوای ئەوەوە ڕاسـتەوخۆ باجی لێوەردەگیرێت.

باسی لەوەشکرد: بەڵام ئەمە بۆ باجی زەویوزار جیاوازە کە خۆی لـە ٪٢ ئەبینێتـەوە، ئەمەش کۆی خەملاندنـی زەویەکەیەتی، بۆ نمونـە ئەگەر زەویەکـی ٢٠٠ مەتری بێت و بۆ هەر مەترێکی بە ٥ هـەزار دینـار دابنرێت ئەوەی لە کۆی ئەو بـڕە پارەیەی کە بۆی دیاری ئەکرێت له ٪٢ــی باجەکەی بـۆ حکومەت ئەبێت، ئەمەش بەپێی یاسـای ژمارە ٦ــی سـاڵی ١٩٦٢ی هەموارکراوی هەرێمی کوردستان دەبێت.

هاوکات، سـوعاد ئەحمەد جومعە، لێپرسـراوی بەشی زەویوزار له بەڕێوبەرایەتـی باجی خانوبـەرەی گەرمیان، بـاس لەوە دەکات: ٥ سـاڵێک جارێـک سـەرژمێری دەکرێت بۆ ئـەو زەویانەی کە له گەڕەکـە تاپۆکان هـەن و تۆماریان هەیە ئـەو زەویانە ناگرێتەوە کە زیادەڕەوین، بەپێی یاسـاکەش لـە ٪٢ باجەکەی بۆ حکومەت ئەبێت.

وتیشـی: له ئێسـتادا زەوی زۆر کەم بوەتـەوە، له ٢٠١١ نزیکەی ١٩ تۆمار «سجل»مان بوە له ٢٠١٦ بو بە نزیکەی ١٠ تۆمار، بۆ ٢٠٢١ کەمبوەتەوە بۆ ٨ تۆمار، ئەوەشی باج نەدات ساڵانە له ٪١٠ سو ئەچێتە سەری.

ئاماری دۆسیەکان له کەلار و کفری بەمشێوەیەی لایخوارەوەن:

### قەزای کەلار

| خانو و شوقه | کۆگا و دوکان | زەوی |
|---|---|---|
| 37098 | 11017 | 1730 |

### قەزای کفری

| خانو و شوقه | کۆگا و دوکان | زەوی |
|---|---|---|
| 9250 | 2024 | 0 |

**تێبینی:**
قەزای کەلار له ٢٢ گەڕەک پێکهاتوه و کۆی گشتی ئەو تۆمارانەی کە هەن ٢٦٥ تۆمارن کەتۆماری (١٥)ـن.

## ١٢. هاوڵاتیان دەتوانن لێخۆشبون وەربگرن لە نەدانی باج بۆ زەویەکانیان

«هەمـو هاوڵاتیەک بۆی هەیە ٦٠٠ مەتر لێخۆشـبون وەبگرێت لە باج، جا ئیتر ئەو ٦٠٠ مەترە لە ساڵێک بەکاری ئەهێنێت یان زیاتر لای خۆیەتـی، بۆنمونە ئەگەر هاوڵاتیەک ١٠٠٠ مەتر زەوی هەبێت ئەوە تەنها دەتوانێت باجی ٤٠٠ مەتری بدات، کە بەپێی یاسـا و ئەو خەملاندنەی بۆی دەکرێت تەنها لە٪٢ کۆی خەملاندنەکەی لێی وەردەگیرێـت، بۆنمونە زەوییەک بای ١٠٠ ملیۆن دینارە ٢ ملیۆنی بۆ حکومەتە« . ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان وای وت.

دەشڵێت: ئەو لێخۆشبونە هەر هاوڵاتیەک بۆی هەیە لە تەواوی ژیانی ١ جار وەرییبگرێت کە ئەمەش بەپێی ڕێنماییەکان بەوشێوەیەیە .

هـاوکات، سـوعاد ئەحمەد جومعە، لێپرسـراوی بەشـی زەویوزار لـە بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبـەرەی گەرمیان باس لەوە دەکات: «بەپێی یاسـای زەویـوزار هاوڵاتیان دەتوانـن تاوەکو ٦٠٠ مەتر لێخۆشبون وەربگرێت کە زەویەکەی تاپۆیە، پێشتر ٥ ساڵ جارێک بو ئێستا ڕێنماییەکان گۆڕاوە بۆ هەتا هەتایە دەتوانێت تەنها ٦٠٠ مەتر لێخۆشـبون وەربگرێت، بەڵام کاتێک وەفات دەکات کەسێک ناتوانێت ئەو لێخۆشبونە وەربگرێت» .

# بەشی دوەم: باجی خانوبەرە لە گەرمیان و کێشەکانی

## ١. بونی فشار لەسەر هۆبەکانی بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرە

بەرپرسـانی بەڕێوبەرایەتـی باجی خانوبـەرەی گەرمیان جەخت لەوەدەکەنـەوە لـە ئێسـتادا هیـچ فشـارێک لەسـەر هۆبـەکان و بەڕێوبەرایەتیەکـە نیـە، هۆکارەکەشـی بـۆ دۆخـی دارایی و بازاڕدەگەڕێتەوە .

سـوعاد ئەحمـەد جومعـە، لێپرسـراوی بەشـی زەویـوزار لـە بەڕێوبەرایەتـی باجـی خانوبەرەی گەرمیان بـاس لەوە دەکات: هیچ فشـارێکمان لەسـەر نیە ئێسـتا، چونکە سـەردانیکەر زۆر کەم بوەتەوە هۆکارەکەشی بۆ دۆخی دارایی و بازاڕ دەگەڕێتەوە کـە جاران بـەلای کەمەوە ڕۆژانە نزیکەی ٢٠ هاوڵاتی سـەردانی دەکردین و بەپێی ڕۆژ گۆڕانکاری بەسەردا دەهات.

بەهەمـان شـێوە، ئارام عادل قـادر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: سـاڵانە لە مانگی ١٠ بە دوا فشـارێکی زۆرمان لەسـەرە بۆ دانی باج، چونکە کۆتایی ساڵە، ئەگەرنـا وەک ڕۆژەکانی دیکە ئاسـاین، بەجۆرێک ڕۆژی وا هەیە ١٠ مامەڵـەی هاوڵاتیان بەڕێدەکرێت، ڕۆژی واش هەیە ١٥ بۆ ٣٠ مامەڵەیە .

## ٢. کێشەی کەمی ژمارەی فەرمانبەران

کەمـی فەرمانبـەر لـە فەرمانگەکانـدا کێشـەی بـۆ خـودی بەڕێوبەرایەتیەکـە و هاوڵاتیانیش دروسـت کـردوە کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە حکومەت دامەزراندنی ڕاگرتوە، بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان بە کۆی گشتی تەنها ٣٠ فەرمانبەریان هەیە .

ئارام عـادل قادر، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی باجـی خانوبەرەی گەرمیـان دەڵێـت: گرفتی کەمـی میلاکمان هەیە بەکۆی گشـتی بـە شـۆفێر و پاسەوانیشـەوە ٣٠ فەرمانبەرین، لەگەڵ ئەوەشـدا مۆڵەتمـان هەیـە هی دایکایەتی و بێ موچـە، ئەمەش کاریگەری کردوەتـە سـەرمان، لەو ڕێژەیـش ٤ فەرمانبەرمان گرێبەسـتە ٣ فەرمانبەریشـمان تەنسـیبی کەرکوکن هی مادەی ١٤٠ کە لەسەر میلاکی بەڕێوبەرایەتیمان کاتی خۆی دامەزراون.

لـە بـارەی ئەوەی پێویسـتیان بـە چەنـد کارمەندە بـۆ ئەوەی کارەکانیان بە باشـتر ڕای بکرێت، بەڕێوبـەری باجی خانوبەرەی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەشـکرد: بەلای کەمەوە پێویسـتمان بە ١٠ فەرمانبەری دیکەیە .



## ٣. گرفتی بینا

یەکێک لەو کێشانەی روبەڕوی بەشێک لە بەڕێوبەرایەتیەکان بوەتەوە نەبونی بینا تایبەت بە خۆیانە، بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیانیش ئەو بینایەی کە تێیدا تایبەت بە خۆیان نیە، بەڵکو هی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانە.
ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: وەزارەتی دارایی بەگشتی گرفتی بینای هەیە ئێمەش بێبەری نەبوین لەو گرفتە، ئێمە ئێستا لە بینای وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانین کە تایبەت بە خانمان دروست کراوە، ئەمەش لە ساڵی ٢٠١٦ بە بڕیارێکی حکومەت کە ئەو بەڕێوبەرایەتیانەی لە بینای کرێن بێنە بینای حکومی».

وتیشی: زەویمان بۆ تەرخان کراوە لە گەڕەکی شەهیدانی قەزای کەلار لەلای بەڕێوبەرایەتی ئاسایش کە بینایەکی تایبەت بە باجەکان دروست بکرێت، گوژمە پرۆژەکەش لەسەر ٧ ملیار دینار دانرابو، دواتر تەندەرینی بۆکرا کۆمپانیا ئامادە نەبو بیکا، چونکە وەک خۆیان باسین لێوەکرد کە بینایەکی لەو شێوەیە لە پارێزگای دهۆک دروست کراوە گوژمەکەی ١٢ ملیار دینار بوە بۆیە ئەو کات نەکرا، دواتر قەیرانی دارایی بەسەرا هات تاوەکو ئێستا وەستاوە و نەکراوە، ئەگەرچی بەبەردەوامی لە کۆبونەوەکانمان و بە نوسراوی فەرمیش داوامان کردوە ئەو بینایە دروست بکرێت نەکراوە، چونکە لە ئێستادا گرفتی شوێنمان هەیە.

## ٤. نەکردنەوەی خول بۆ فەرمانبەران بۆ نوێ کردنەوەی زانیارییەکانیان

ئەو فەرمانبەرانەی کە کاری خەمڵانن دەکەن و لە لیژنەکاندا هەن بە بەردەوامی پێویستیان بە راهێنانە بۆ ئەوەی زانیارییەکانین نوێ بکەنەوە، بەڵام لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان وەک بەڕێوبەرەکەی باسی لێوەکردوە راهێنانەکان لە سەنتەری پارێزگاکان دەکرێنەوە و بەهۆی کەمی ژمارەی فەرمانبەرەوە لە فەرمانگەکە ناتوانن بەشداری خولەکان بکەن.
ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، دەڵێت: لە گەرمیان خول تایبەت بۆ فەرمانبەرانمان ناکرێتەوە، ئەوەشی دەکرێتەوە لە سەنتەری پارێزگانی هەولێر و سلێمانین کە بەشێکی زۆری فەرمانبەرانمان ناتوانن بەشدار بکەن، لەلایەک بەهۆی کەمی فەرمانبەرەوە لەلایەکی دیکە بەهۆی دۆخی تایبەتی خودی فەرمانبەرەکان خۆیان.
وتیشی: ئەمەش لە کاتێکدایە کردنەوەی خول زۆر گرنگە بۆ نوێکردنەوەی زانیارییەکانی فەرمانبەران، خودی خۆشمان ناتوانین وەک بەڕێوبەرایەتیمان خولی تایبەت بکەینەوە.

## ٥. سیستەمی داتابەیس وەک پێویست بەکار ناهێنرێت

«تاڕادەیەکی باش سیستەمی کۆمپیوتەر بەکارئەهێنین، بەتایبەت ناوەکان و بڕی باجەکان و جۆری موڵکەکە هەموی داتا بەیسە، لەگەڵ ئەوەشدا گەڕەکەکان بە تۆمار (سجلات) کراوە، کە ئەمەش مەترسی لەسەر ئەو سجلانە هەیە لە بونی هەر حاڵەتێک لەناوبچن». ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان وا دەڵێت.

دەشڵێت: بە ڕەزامەندی ئیدارەی گەرمیان و بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان لە هەولێر سجلەکانمان گواستوەتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەش کۆپی دیکەی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان هەیە لە هەولێر و دانراوە.

## ٦. ڕانەگەیاندنی داهاتی باج لە گەرمیان

یەکێک لەو گرفتانەی کە هەن ناڕونی و پێنەدانی زانیارییە لەسەر داهات لەلایەن فەرمانگە حکومیەکانەوە، ئەمەش بە کۆمەڵێک پاساوی جیاواز، لەوانە: وەزارەتەکان ڕەزامەند نین کە زانیاری لەسەر داهات بڵاوبکرێتەوە.

دوای چەند جارێک سەردان کردن و پەیوەندی کردن بە، ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان سەبارەت بەوەی داهاتی ساڵانەیان چەندە، ناوبراو جەختی لێکردەوە: «لە بەڕێوبەرایەتی گشتی باجەکان پێیان ڕاگەیەندراوە بە هیچ شێوەیەک لە دەسەڵاتی خودی ئەوانیشدا نیە کە داهات ڕابگەیەندرێت، بەڵکو لە دەسەڵاتی وەزارەتی داراییە».

ئەگەرچی بەپێی ئەو ئامارە نافەرمیانەی دەست یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان کەوتوە، ساڵانە لە بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان ١ ملیار و ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ ملیۆن دینار داهات کۆ دەکرێتەوە.

## ٧. پسپۆڕی فەرمانبەران

بەشەکانمان ڕێژەیەکی باشیان پسپۆڕی خۆیانن بەتایبەت بەشەکانی ژمێریاری و کارگێڕی و کۆمپیوتەر.

ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: لە ٪٨٠ی کارمەندەکانمان پسپۆڕی خۆیانن بەتایبەت ژمێریاری و کارگێڕی و کۆمپیوتەر کە ٣ هۆبەی گرنگی بەڕێوبەرایەتیەکەن هەمویان پسپۆڕی خۆیانن.

جەختی لەوەشکردەوە: گرنگی کۆی هۆبەکان پسپۆڕی خۆیان بن، چونکە باشتر لە کارەکە دەزانن.

## ٨. گرفتی ئۆتۆمبێل

«لە ڕوی پێداویستیەوە خراپ نین، لە ماوەکانی پێشتر ئۆتۆمبێلێکمان هەبو کۆن بو بەڵام لە ساڵی ٢٠٢٢ بۆیان گۆڕین، کۆی گشتی کارەکانی بەڕێوبەرایەتیمان بەو ئۆتۆمبێلە ڕائەپەڕێنین». ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان وا دەڵێت.

باسی لەوەشکرد: ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی دیکەمان هەبوایە باشتر دەبو و هاوکار دەبو بۆ ئەوەی بتوانین ئاسانتر کارەکانمان ئەنجام بدایە.

## ٩. گرفتی کەمی نەسریە

یەکێک لەو کێشانەی روبەڕوی بەڕێوبەرایەتیەکان بوەتەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی، کەمکردنەوەی ئەو پێشینانە «نەسریانە»یە کە بۆیان خەرج دەکرا بەمەبەستی کڕینی پێداویستیەکانی بەڕێوبەرایەتیەکان، یەکێک لەو بەڕێوبەرایەتیانەش باجی خانوبەرەی گەرمیانە.
ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: ئەو نەسریەی کە هەمانە وەک پێویست نیە بەجۆرێک پێش قەیرانی دارایی ١ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دینار بو، دواتر کەمکرایەوە بۆ ٧٥٠ هەزار دینار، دواتر چەندجارێک داوامان کرد نەسریەمان زیادبکرێتەوە بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێکە کراوەتەوە بە ١ملیۆن و ٥٠٠ هەزارەکە، ئەمەش موچەی کارگوزارەکەمانی لەسەر دەدەین کە گرتومانە و ٢٠٠ هەزار دینارە.
دەشڵێت: ئەمەش بەشی پێویستیەکانمان ناکات وەکپێویست.




## ١٠. ئاستی ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان لەلایەن فەرمانبەرانەوە

هاوڵاتیەک دەڵێت: فەرمانبەرانی باجی خانوبەرە وەک پێویست بە دەم هاوڵاتیانەوە نین، بەڕێوبەری باجی خانوبەرەی گەرمیانیش ئەوە ڕەت دەکاتەوە.
ئەحمەد سلێمان، هاوڵاتی و دوکاندار لە قەزای کەلار وتی: یاسا و ڕێنماییەکان لە دەسەڵاتی فەرمانبەرەکاندا نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئیهمالن، بۆ نمونە ٤ مانگ پێش ئێستا سەردانی باجی خانوبەرەم کردوە کە پێیم وتون کوڕی خۆمی تیایە و یاداشتم داوە، کەچی ئێستا وەسڵەکەمان بۆ هاتوەتەوە هەر بە کرێ حساب کراوە، ئەوان تەنها بۆ وەرگرتنی پارە زیرەکن، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی هاوڵاتیان بەوشێوەیە نین».
بەپێچەوانەوە، فەوزی سلێمان، هاوڵاتی لە قەزای کەلار دەڵێت: هیچ کات نەبوە زۆرم لێ بکرێت ئەو باجە بدەم یاخود نا، تەنها وەسڵی ئاگادارکردنەوەم بۆهاتوەتەوە، منیش بەدەمیەوە نەڕۆشتوم.
«مامەڵەی فەرمانبەرەکان هیچ گرفتێکیان نیە، هیچ کاتیش نەبوە زۆرلە هاوڵاتیان بکەن باج بدەن یاخود نا، بەڵکو پێیان وتوم کە ئارەزوی خۆتە ئەو بڕە پارەیە ئەدەیت یان نا». حسین فەتاح، هاوڵاتی لە ناحیەی ڕزگاری وای وت.
لە بەرامبەردا، ئارام عادل قادر، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان دەڵێت: «ئەوە ڕەت دەکەینەوە کە فەرمانبەرانمان کاروباری هاوڵاتیان ڕانەپەڕێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاوکاری زۆری هاوڵاتیانن».

## بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و چالاکوانان

### ١. پسپۆڕێکی ئابوری: کۆکردنەوەی باج لە هەرێمی کوردستان دروست نیە

پسپۆرێکی بواری ئابوری جەخت لەوەدەکاتەوە، وەرگرتنی باج لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی دروست نیە و رۆڵی نەبوە لە زیاترکردنی بودجە، هاوکات یەکێکە لە فاکتەرەکان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی چینایەتی ئەگەر بەشێوەیەکی دروست دابەشبکرێت.

بیابان نوری، پسپۆری دارایی و ئابوری و مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان دەڵێت: کاتێک بودجەی هەر ساڵێک ئامادەدەکرێت سەیری داهات دەکرێت لە وڵات کە چین، چونکە بودجە لە داهات و خەرجی پێک دێت، باجیش لە وڵاتاندا پێکهێنەری سەرەکی بودجەیە کە لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست باج ئەو رێژە گەورەی داگیرنەکردوە لە بودجەی وڵاتدا کە لەم وڵاتە لە ٩٠٪ بودجە لەسەر نەوتە.

وتیشی: بۆیە باج رۆڵێکی گەورەی هەیە لە زیادکردنی داهات ئەگەر هاتو وەکخۆی کۆبکرێتەوە و وەکخۆی دابەشبکرێتەوە، کە باج کۆدەکرێتەوە ئامانج لێی چیە؟ بۆ نمونە ئامانجی کەمکردنەوەی جیاوازیە لە نێوان دەوڵەمەند و هەژارە لە روی خزمەتگوزارییەوە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: بۆنمونە حکومەت کە باج لە دەوڵەمەند وەردەگرێت و لە هەژار وەرناگرێت و دەچێتە ناو بودجەوە و دوبارە دابەش دەکرێتەوە دەکرێتە خزمەتگوزاری و هەمو کۆمەڵگە مافی بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانەی هەیە چ لە رێگەوبان چ لە تەندروستی چ لە پەروەردە، بەڵام ئایە ئەمە لە هەرێمی کوردستان هەیە؟ نەخێر نیە، ئەمەش بۆ ٢ هۆکار دەگەڕێتەوە: یەکێکیان خودی حکومەتە کە بەشێوەی رێک باج کۆناکاتەوە، ئەوی دیکەشیان هاوڵاتیانە کە رێگەیەک دەدۆزنەوە کە باج نەدەن.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەگەر لە روی فەلسەفەی ئابوریەوە سەیری باج بکەین کەمکردنەوەی چینایەتیە لە نێو کۆمەڵگەدا، بەڵام ئەمە لە هەرێمی کوردستان بە پێچەوانەوەیە و رۆڵی نەبوە لە پڕکردنەوەی بودجە و دوبار دابەشکردنەوەی.

ئەمە لە کاتێکدایە لە هەرێمی کوردستان ٢ جۆر باج هەیە باجی راستەوخۆ و باجی ناراستەوخۆ، باجی راستەوخۆ ئەو باجەیە کە لەسەر داهات و سەرمایەیە، باجی نارستەوخۆش ئەو باجەیە کە لە باجی گومرکی و کۆمپانیاکان پێک دێت.

»لە هەرێمی کوردستان دا باج رۆڵی نەبوە لە پڕکردنەوەی بودجە و دوبارە دابەشکردنەوەی«

### ٢. چالاکوانێک: ئەو باجەی لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت تەنها بۆ زیادکردنی داهاتە

«ساڵانە ئەو موڵکانەی کە ئەدرێت بە کرێ لە ١٢ مانگدا مانگێکی بۆ حکومەتە وەک باج، خەڵکیش نازانێت بۆچی لێیان وەردەگرێت، بەڵکو باجێکە تەنها بۆ زیاتر کردنی داهاتی بەرشێوبەرایەتیەکە وەردەگیرێت و دواتر دەچێتەوە خەزێنەی دەوڵەت». ئاراز محەمەد، چالاکوان لە گەرمیان وای وت.

هێمای بۆئەوەشکرد: لە کاتێکدا وەرگرتنی ئەو باجانە لە وڵاتانی دەرەوەدا بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵکە، بۆ نمونە کە باجی رێگاوبان لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت رێگەیەکی باشتری پێئەدات بۆ بەکارهێنان، یان کرێی ئاو کارەبا وەردەگیرێت لەبەرامبەردا کارەبا و ئاوی باشتر بدات بە خەڵکەکەی، بەڵام ئەمە لە هەرێمی کوردستان و گەرمیانیش بە تایبەت بەپێچەوانەوەیە، چونکە تەنها بۆ زیاتر کردنی داهاتەوە و خەرج ناکرێتەوە بۆ سنورەکە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەکەر خەرجیش بکرێتەوە بەشێوەیەکی نایەکسانی دابەش دەکرێت بەسەر پارێزگاکاندا، ئەگەرنا بۆ ناوچەیەکی وەک گەرمیان ئەو باجەی کە لێی کۆدەکرێتەوە خەرج ناکرێتەوە بۆی.

# بەشی سێیەم: هەڵسەنگاندنی پسپۆڕان و چالاکوانان

## یەکەم: دەرەنجام

١. سیستەمی باجی خانوبەرە وەکو زۆرینەی بوارەکانی تر، مەرکەزییە، واتا یەک سیستەم هەیە بۆ هەمو ناوچەکان و لەگەرمیانشدا هەمان سیستەم پەیڕەو دەکرێت و هیچ جیاکاری و تایبەتمەندییەکی نییە. دو جۆر باجی خانوبەرەش هەیە: یەکەمیان لەسەر موڵکە «خانو، شوقە، دوکان و کۆگا»، دوەمیشیان لەسەر زەویزار.
هەرچی باجی موڵکایەتییە، بەپێی یاسای ژمارە ١٦٢ی ساڵی ١٩٥٢ی هەمواری کوردستان رێکخراوە و ٪٩ی کۆی داهاتی کرێی ساڵێکی ئەو موڵکە وەکو باج لەلایەن حکومەتەوە وەردەگیرێت.
هەرچی باجی زەویوزارە، بەپێی یاسای ژمارە ٢٦ی ساڵی ١٩٦٢ی هەمواری کوردستان رێکخراوە کە بڕی ٪٢ی خەملاندنی نرخی زەویەکەی وەکو باج بۆ حکومەت لێ وەردەگیرێت.

٢. هاولاتیان ناڕونیەکی زۆریان لەلا هەیە لەبارەی ئەو باجەی لێیان وەردەگیرێت، بەشێوەیەک نازانن چیە و بۆ چیە ؟
ئەم ناڕونییە بەگشتی لە باجەکانی دیکەشدا بەدی دەکرێت، حکومەت لەوەدا کەمتەرخەم بوە کە رونی بکاتەوە باج چیە و چۆن وەردەگیرێت و بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنرێت.

٣. داهاتی باجی خانوبەرە کە پرسێکە پێویستی بە شەفافیەت هەیە، بەلام راناگەیەنرێت و دەشاردرێتەوە، لەکاتێکدا هاولاتی مافی خۆیەتی رێژەی داهاتەکە بزانێت. ئەگەرچی بەپێی زانیارییەکانی یەکەکەمان، بڕی داهاتی باجی خانوبەرە لە گەرمیان سالانەی لەنێوان ملیارێک هەتا ملیار و نیوێک دینارە.
هەروەک ئەم داهاتە بەبێ هیچ لێبڕانێک بۆ خەزێنەی ناوەندیی حکومەت دەگەڕێتەوە و ناوچەکان مافی مامەڵەکردنیان نیە بە هیچ بڕ و رێژەیەکییەوە.

٤. لە سنوری بەڕێوبەریەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان دا، کە کەلار دەگرێتەوە، (٣٧) هەزار و (٩٨) خانو و شوقە، (١١) هەزار و (١٧) دوکان و کۆگا و (١) هەزار و (٧٣٠) زەوی هەن کە باجی خانوبەرە دەیانگرێتەوە، بەو مانایەی بۆ مەبەستی بازرگانی بەکاردێن.
لە سنوری قەزای کفریش دا، لە قەزای کفری کە لە (١٣) گەڕەک پێکهاتوە، (٩) هەزار و (٢٥٠) خانو، (٢) هەزار و (٢٤) دوکان و کۆگا هەن و زەوی نیە. واتا کۆی گشتی دەکاتە (١١) هەزار و (٢٧٤) موڵک.

٥. پرۆسەی باجی خانوبەرە لە گەرمیان، لەلایەن بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیانەوە بەڕێوەدەبرێت کە بەڕێوبەرایەتیەکی سەر بە بەڕێوبەرایەتی گشتی خانوبەرەیە لە وەزارەتی دارایی. هاوکات لە قەزای کفری و ناحیەکانی باوەنور و رزگاری، لەلایەن فەرمانگەی دارایی ئەو شوێنانەوە بەڕێوەدەبرێن کە ئەگەرچی پەیوەندیان لەگەڵ بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیانەوە هەیە، بەلام بە فەرمی پەیوەستن بە بەڕێوبەرایەتی گەنجینەی گەرمیانەوە.

٦. بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، کێشە و گرفتی جیاوازی هەیە، لەوانە: کەمی فەرمانبەر، نەبونی بینای تایبەت بە خۆی، کارنەکردن بە سیستەمی پێشکەوتوی ئیلیکترۆنی و پشت بەستن بە مامەڵەی نوسراو، گرفتی دارایی و ئۆتۆمبیل و ...هتد.

## دووەم: راسپاردەکان

١. بواری باجی خانوبەرە یەکێکە لەو بوارانەی کە پێویستی بە پێداچونەوە و رێکخستنێکی زۆر هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری ئەم بوارە، چونکە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لەنێویشی دا گەرمیان رۆژ دوای رۆژ رو لە فراوانبونە، ئەمەش وادەکات پرۆسەی کۆکردنە و ئیدارەدانی باجی خانوبەرە تیایدا بەپێی پێویستییەکانی رۆژ نوێ بکرێتەوە.
بۆ ئەم مەبەستە گرنگە وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ پارلەمانی کوردستان، ئامادەکاریی بکەن بۆ دەرچواندن یان هەموار و رێکخستنەوەی یاسا و رێنمایی تایبەت بەم بوارە.

٢. گرنگترین هەنگاو کە دەبێت حکومەت بینێت، ئەوەیە کە کارکردن لەم بوارەدا لە شکڵە تەقلیدییەکەی دەربهێنێت، بەڵکو هەوڵبدات پشت بە سیستەمی داتابەیس و کۆمپیوتەری ببەستێت، ئەمەش بەمەبەستی باشتر کۆنترۆڵکردنی و هەروەها کەمکردنەوەی رۆتین و خاوەخاویی ئیشوکارەکان.

٣. ناکرێت چاوەڕێی پێشکەوتن لە دەزگایەکی حکومیی بکەیت، کە خۆی کێشە و گرفتی بونیادیی زۆری هەیە. لەم سۆنگەیەوە پێویستە کەموکورتییەکانی بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان لە فەرمانبەر و بینا و پێداویستی مادیی، پڕ بکرێتەوە، بۆ ئەمەش دەتوانرێت زۆر هەنگاو بنرێت، لەنێویدا خەرجکردنەوەی بڕێک لە داهاتەکەیان بۆ پەرەدان بە بەڕێوبەرایەتییەکە.

٤. پێویستە حکومەت و وەزارەتی دارایی و خودی بەڕێوبەرایەتی گشتی باجی خانوبەرە و بەڕێوبەرایەتی باجی خانوبەرەی گەرمیان، کار لەسەر لایەنی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بکەن، بەشێوەیەک لە رێگەی میدیا و سۆسیال میدیاوە رێنمایی و بەرچاوڕونی و هۆشیاری بە هاوڵاتیان بدەن لەبارەی چیەتی کاری ئەم دەزگایە و خزمەتگوزارییەکانی، ئەمەش بۆ هاوڵاتیان رون بکرێتەوە.

٥. واباشترە پرۆسەی ئیدارەدانی باجی خانوبەرە لەگەرمیان لەلایەن یەک بەڕێوبەرایەتیەوە بەڕێوەبچێت، نەک وەک ئێستا کە بەڕێوبەرایەتیەکە تەنها تایبەتە بۆ کەلار و هەرچی کفری و ناحیەکانە ئەوا پرسی باجی خانوبەرە لەلایەن فەرمانگەکانی داراییەوە بەڕێوەدەبرێن.

٦. مەدام باج لە هاوڵاتیان وەردەگریت، دەشبێت شەفاف بیت لە راگەیاندنی بڕەکەی دا. ئەمە سادەترین پرنسیپی فەرمانڕەوایەتییە کە بەداخەوە زۆرجار حکومەت خۆی لێ دەبوێرێت. بۆیە گرنگە بکرێت بە مەرجێک کە ساڵانە بەڕێوبەرایەتیەکانی باج داهاتی خۆیان بۆ رایگشتی ئاشکرا بکەن.

٧. هاوڵاتیان و شارەزایان باس لەوەدەکەن کە کاریگەریی باجەکان لەسەر باشبونی ژیان و خزمەتگوزارییەکانیان نابینن، واتا باج دەدەن، بەڵام خزمەتگوزارییە حکومییەکان بەو ئاستە باش و گونجاو نین.
ئەمەش پێویستی پێداچونەوەی مامەڵەی حکومەت بەم پرۆسەیە دەهێنێتە کایەوە، بەشێوەیەک مامەڵەیەکی جیاواز بکات لەگەڵ داهاتی باجەکان و بۆ پرۆژەگەلی خزمەتگوزاریی بەکاربهێنرێت، هەروەک رەچاوی تایبەتمەندی ناوچەکان بکرێت و بەشێکی باجەکان بۆ خودی ناوچەکان خەرج بکرێت.

**لەبارەی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان)ـەوە**

یەکەیەکی رۆژنامەوانی و بەدواداچونی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.


* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. سروە کەریم

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net